## دڵنیا ڕەزازی : ئامانجم گەیاندنی پەیامێک بوو بۆ باوکم

## دڵنیا ڕەزازی : لە ئێستادا هیچ بڕیارێکم نەداوە کە بگەڕێمەوە کاری هونەری

**نەرویج- زانا گەلاڵی**




ی2ی5 ئاهەنگێکی خێزانی بۆ ژمارەی لە خێزانە کوردەکانی وڵاتی سوێد لە ستۆکهۆڵمی پایتەخت بە بەشداری هونەرمەندی گەورە ناسری ڕەزازی بەڕێوە برا لەم ئاهەنگە ژمارەیەکی زۆر لە خێزانی کوردی دانیشتووی وڵاتی سوید ئادەبوون هونەرمەند بەچەندین گۆرانی ساڵانی ڕابردوو بەشدار بوو بەتایبەت ئەم گۆرانییانەی کە لەلایەن هەواردارانی دەنگیەوە وەک یادەوەریەک ماوەتەوەکە بووە جێگەی خۆشحاڵی ئامادەبووان پاشان هونەرمەند دڵنیا ڕەزازی بە 2 گۆرانی ( لانک لانکۆڵی تۆبە تۆبە ) بەشداربوو دواتر لە پەیوەندییەکمان بە هونەرمەند دڵنیا ڕەزازی سەبارەت بە کارە هونەرییەکانی داهاتووی وتی:بەداخەوە لە ئێستادا بیرم لەم کارە نەکردۆتەوە هیچ خۆئامادەکاریەکیشم بۆ نەکردووە بەهیوام لە داهاتوودا ئەو دەرفەتەم هەبێت

بەڵام هەروەک ئاماژەم پێدا لە ئێستادا هیچ بڕیارێکم نەداوە کە بگەڕێمەوە کاری هونەری سەبارەت بەو ئاهەنگەی کە بەبەشداری هونەرمەندی گەورە ناسری ڕەزازی بەڕێوەچوو لە ستۆکهۆلم پایتەختی وڵاتی سوێد ئەو وتی لەم ئاهەنگەدا لە سەر داوای باوکم کە زۆر هاندەرمە بە 2 گۆرانی بەشدار بووم چونکە نەدەکرا داواکەیان رەتبکەمەوە شەوی پێش ئاهەنگ باوکم هیوای خواست کە من لەسەر شانۆ ببینی وتی ئەترسم لە کاتەدا دەستکەم بەگریان. لە چەند ساتێکیش بەر لە دەستپێکردن من کۆپلەیەکم لەگەڵ باوکم وت هەستم کرد زۆر دڵی پڕ بوو، هەر بۆیە کە لەسەر پۆدیۆم وتی داوا لە دڵنیای کچم دەکەم یادی مەرزییە زیندوو کاتەوە لەوکاتەدا بەرەو پۆدیۆم جووم ئامانجیشم گەیاندنی پەیامێک بوو بۆ باوکم.

Zanagalali2005@yahoo.com